WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو وەرزشی

ژمارە (392) سێشەممە 2016/3/15 25ی ڕەشەمێ 2715 (500) دینار

ڕۆژنامەیەکی وەرزشی هەفتانەیە کۆمپانیای ڕووداو بەسپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم دەریدەکات



چیدی بەرگەی تاکڕەوی و خۆسەپاندنی سەرۆک ناگرێت..

## زێدان بەگژ دیکتاتۆریەتی پیرێزدا دەچێتەوە

ڕووداوی وەرزشی - CNBC

ڕۆژنامەی سپۆرتی ئیسپانی بۆمبێکی گەورەی تەقاندەوە و ڕایگەیاند ئاگری شەڕ لەنێوان زەینەدین زێدانی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید و سەرۆکی یانەکە، فلۆرەنتینۆ پیرێز یەکەم کڵپەی گرت و نووسیویەتی «زێدان چیدی بەرگەی تاکڕەوی و خۆسەپاندنی پیرێز ناگرێت».

بەپێی ڕاپۆرتێکی سپۆرت، لێدوانەکەی ئەم دواییەی زێدان، کە ڕایگەیاند «نازانم ساڵێکی دیکە لەگەڵ ڕیال مەدرید بەردەوام دەبم، یان نا». ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەو ناکۆکییەی کەوتووەتە نێوان خۆی و پیرێز، چونکە زێدان چیدی بەرگەی ئەو هەموو دەستخستنە نێو کارەکانی لەلایەن سەرۆکەوە ناگرێت. ئەو ڕۆژنامەیە نووسیویەتی

سپۆرت، لەو بارەوە زیاتر نووسیویەتی «زێدان شەڕی لەگەڵ پیرێز ڕاگەیاند و ڕاشکاوانە پێیگوتووە کە تیپەکەی پێویستی بە هێنانی زۆر یاریزان نییە، ئەو یاریزانانەش کە پێویستە ڕیال مەدرید گرێبەستیان لەگەڵ بکات، دەبێ بە ڕەزامەندی خۆی و کۆمەڵێک پسپۆر و ڕاوێژکار بێت، نەک بە حەزی سەرۆک».

«کێشەکان لەنێوان ئەو دوو پیاوەدا زۆرن، زێدان نایەوێ گرێبەست لەگەڵ داڤید دیخیای گۆڵپارێز و بییێر ئۆبامیانگی گابۆنی بکات، کە پیرێز سوورە لەسەر هێنانیان. لە بەرامبەردا زێدان دەیەوێ گرێبەست لەگەڵ پۆل پۆگبای ئەستێرەی فەرەنسی و ئیدین هازاردی بەلجیکی بکات، بەڵام سەرۆک چارەی ئەو دووانەی ناوێ».



لەبەرئەوە نە مێسی و ڕۆناڵدۆ و نە هیچ ئەفسانەیەک نابێتە پێلێ..

# 92 هاتریک

"پێلێ لە 1363 یارییدا 1283 گۆڵی تۆمارکردووە"

## هەردی سیامەند:

## سیناریۆی سەلاحەدینی برام دووبارە دەکەمەوە

2

## یۆڤی بە گرینتا یاریدەکات و ئارسناڵیش شەڕ لەگەڵ شاخ دەکات

6»

لەبەرئەوەی ژمارەی داهاتوومان دەکەوێتە ناو نەورۆز (ڕووداوی وەرزشی) پشوو دەدات



## پێشنیاز دەکات

عومەر سەلیمی بەڕێوەبەری پێشووی تۆپی پێی یانەی هەولێر، کە کەسایەتییەکی وەرزشیی دیاری شاری هەولێرە، پێشنیازێک سەبارەت بەو 10 یانەیەی نەیانتوانیوە بگەنە قۆناخی دووەمی خولی نایابی عێراق، پێشکەشی یەکێتی تۆپی پێی عێراق دەکات و بۆی دەنووسێت «بۆ ئەوەی ئەو یانانە و یاریزانەکانیان ماوەیەکی زۆر لە یاریکردن دوور نەکەونەوە، پێشنیاز دەکەم خولێک بۆ ئەو 10 یانەیە بکرێتەوە، دابەشی سەر دوو گرووپ بکرێن، یارییەکانی یەکێکیان لە هەولێر و یەکێکیان لە نەجەف بەڕێوەبچن و یەکەمی هەردوو گرووپەکە بە نوێنەرایەتی عێراق بەشداری لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عەرەب بکەن. ئەگەریش نا یارییەکی کۆتایی لەنێوان دوو پاڵەوانەکە ئەنجام بدرێت».

ژمارە (392) سێشەممە 2016/3/15



هەردی سیامەند، تاکە یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی عێراق:

# سیناریۆی سەلاحەدینی برام دووبارە دەکەمەوە

«دەبێ بە هەموو لایەک بڵێم کوردستان یاریزانی زۆر بەتوانای هەیە»

**کارزان کانەبی**
**ڕووداوی وەرزشی ـ هەولێر**

هەردی سیامەند، تاکە یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی نیشتمانیی عێراق، بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند هەوڵدەدات وەک یاریزانێکی کورد بە ئاستێکی بەرز بوونی خۆی لە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق بسەلمێنێت و گوتی «بەڵێندەدەم وەک سەلاحەدین سیامەندی برام ئاستێکی بەرز لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق پێشکەش بکەم».

دوای ئەوەی یانەی هەولێر ئەمساڵ جیاواز لە ساڵان پشتی بە کوڕانی شارەکەی بەست، یاریزانەکانی توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن، بەتایبەتیش هەردی سیامەندی بەرگریکار، کە بە دڵی هێڵی بەرگری هەولێر دادەنرێت. ئەو کە توانی لەگەڵ یانەی هەولێر لە خولی عێراق ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات، بووە یەکێک لەو یاریزانانەی لەلایەن یەحیا علوانی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی نیشتیمانی عێراقەوە بانگهێشتکران بۆ بەرگریکردن لە ڕەنگەکانی درێسی هەڵبژاردەی عێراق، لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2018ی ڕووسیا.

هەردی سیامەند، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) خۆشحاڵی خۆی بەوە نیشاندا کە ئەو وەک تاکە یاریزانی کورد یاری بۆ هەڵبژاردەی عێراق دەکات و گوتی «لەوە خۆشتر نییە بۆ هەڵبژاردەی نیشتیمانیی داوا بکرێی، ئەوە خەونی هەموو یاریزانێکە، بۆیە دڵم زۆر زۆر خۆشە، بەڵام خۆزگە یاریزانانی دیکەی کوردیش بانگهێشت کرابان».

ئەو یاریزانەی یانەی هەولێر بەڵێن دەدات، سیناریۆی برا گەورەکەی، سەلاحەدین سیامەندی یاریزانی بەناوبانگی نێودەوڵەتی، لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق دووبارە بکاتەوەو گوتی «پەنا بەخوا دەبێ وا لە ڕاهێنەر بکەم متمانەم پێ بکات و وەک یاریزانی سەرەکی یاریم پێ بکات، دەبێ ئاستێکی وا پێشکەش بکەم، کە هەموو لایەک دڵخۆش بن، وەک چۆن سەلاحەدینی برام پێشتر لەگەڵ هەڵبژاردەی لاوان و نیشتیمانیی عێراق کردوویەتی».

هەردی هەروەها گوتی «وەرگیرانم لە پێکهاتەی هەڵبژاردەی نیشتیمانیی عێراق خەونێکی گەورەیە بۆ من، لەبەرئەوە دەبێ کارێکی وا بکەم ناوی کوردستان بەرز بکەمەوەو بە هەموو لایەک بڵێم کوردستان یاریزانی زۆر بەتوانای هەیە، پێویستە لەمەودوا گرنگی بە توانەکانی یاریزانانی کورد بدرێت». هەروەها گوتیشی «ئێستا من تاکە یاریزانی کوردم لە ریزەکانی هەڵبژاردەی عێراق، بەڵام بەهیوای ئەوەم لە داهاتوودا ژمارەی یاریزانانی کورد زیاتر بێت، بۆ ئەوەی هەموومان پێکەوەو بە یەک دەگەن بتوانین ناوبانگی یاریزانی کورد بەرزتر بکەین».

هەردی سیامەند، کە بڕیارە ئەمڕۆ 2016/3/15 لەگەڵ شاندی هەڵبژاردەی عێراق، بۆ یارییەکی دۆستانە لەبەرامبەر هەڵبژاردەی سووریا، لە چوارچێوەی ئامادەکاری بۆ پاڵاوتنەکانی مۆندیالی 2018ی ڕووسیا، بچێتە ئێران، سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی لە هەڵبژاردەی عێراق، گوتی «ئەمساڵ یانەی هەولێر ئاستێکی زۆر باشی پێشکەشکرد لە یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی عێراق، سەرەڕای ئەوەی نەمانتوانی سەر بکەوین بۆ قۆناخی داهاتوو، منیش یەکێک بووم لەو یاریزانانەی ئاستێکی باشم پێشکەشکرد، بۆیە زۆر لە ڕۆژنامەنووسان چاویان لەسەر من بوو، زۆریان لەسەر نووسیم، هەروەها هەوادارانی تۆپی پێی عێراقیش لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وایان لە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق کرد چاودێری ئاستم بکات، ئیدی وادیارە ئەویش بە ئاستم ڕازی بووە، بۆیە بانگهێشتی کردم».

لە یارییەکدا 11 گۆڵ تۆمار دەکات..

# کچە گۆڵکارێکی سلێمانی بەغدادی تۆقـانـدووە



**ڕووداوی وەرزشی**
**هەرێز جەمال ـ سلێمانی**

کچە یاریزانێکی تۆپی پێی سلێمانی، کە لە خولی تۆپی پێی ئافرەتانی عێراقدا، بەشێوەی خواستن یاری بۆ یانەی گازی باکووری کەرکووک دەکات، هەموو یانەکانی عێراقی تۆقاندووە. ئەو کچە لە تەنیا یارییەکدا 11 گۆڵی تۆمارکردووە.

پاڵەوانیەتی تۆپی پێی ئافرەتانی یانەکانی عێراق لە شاری بەغداد بەردەوامەو یانەی گازی باکووری شاری کەرکووک، کە تەنیا نوێنەری یانەکانی باشووری کوردستانە لە پاڵەوانیەتییەکەدا، بە ئەنجامدانی 2 یاری تاوەکو ئێستا سەرلیستی دووەمی کۆمەڵەکەی گرتووە.

لەو پاڵەوانیەتییەدا، یانەکەی شاری کەرکووک بەشێوەی خواستن چەند یاریزانێکی شاری سلێمانی و یانەی ئافرۆدەیتی خستووەتە ریزەکانییەوە، یەکێک لەوانەش گۆڵکاری تیپەکە هێدی خان مەجیدە، کە بە ئاستە بەرزەکەی هەمووانی سەرسام کردووە.

یانەی ئافرۆدەیتی شاری سلێمانی کە تەنیا یانەی کچانە لە پارێزگاکە لە ڕێگەی تیپە جیاوازیەکانییەوە چەندین کچە یاریزانی لە یارییە جیاوازەکان دروستکردووە، لە نێویاندا کچە یاریزان، هێدی خان مەجیدە، کە یاریزانێکی سەرەکی تیپی فوتساڵی ئەو یانەیە. ئەو کە ئێستا یاریزانی تیپی تۆپی پێی یانەی گازی باکووری شاری کەرکووکە لە پاڵەوانیەتی یانەکانی عێراق لە یەکەم یاری پاڵەوانیەتییەکەدا ریکۆردێکی مێژوویی تۆمارکرد بە تەنیا 11 گۆڵی لەسەر تۆڕی یانەی تاجی تۆمارکرد.

هێدی خان، هاوکات خوێندکاری کۆلیژی پەروەردەی وەرزشیی سلێمانیشەو لە یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدانیش چەندین نازناوی دەستەبەر کردووە، لە لیچدوانێکدا بۆ (ڕووداوی وەرزشی) گوتی «من لە منداڵییەوە وەرزشکردن پشکێکی گەورەی کاری ڕۆژانەم بووەو حەزێکی زۆرم بۆی هەبووە، ئەو حەزەشم زیاتر لە تۆپی پێ بەدیکردووە، بۆیە بە پشتیوانی خوای گەورە، ئینجا پاڵپشتی بەردەوامی ماڵباتەکەم و هاوڕێکانم باشترین ئاست پێشکەش دەکەین و دەتوانین ئەو نازناوە لە شاری بەغدادەوە بەرز بکەینەوە».

ئەو کچە یاریزانە هیواشی خواست لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی دۆخی ئاسایی ئێستای کوردستان، بەرپرسانی وەرزشیی کوردستان و یەکێتی تۆپی تۆپی پێ بەتایبەت هەستن بە دروستکردنی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ تۆپی پێ، چونکە وەک خۆی گوتی «ئێمەش خەونمانە لە ژێر ئاڵای کوردستان لە پاڵەوانیەتییەکانی دەرەوەدا یاری بکەین».



هەڵگورد مەلا محەممەد، یاریزانی کوردی نێودەوڵەتی، بۆ (ڕووداوی وەرزشی):

# زۆر بیری هەولێر دەکەم

«ناتوانم دوور لە خۆشەویستان و خانەوادەکەم یاری بکەم»

**تایبەت بە ڕووداوی وەرزشی**

هەڵگورد مەلا محەممەد، یاریزانی پێشووی یانەی هەولێر بە (ڕووداوی وەرزشی) ڕاگەیاند لە وەرزی داهاتووی خولی نایابی یانەکانی عێراقدا دەگەڕێتەوە ریزەکانی یانەی هەولێر و گوتی «زۆر بیری هەولێر دەکەم، لە وەرزی داهاتوودا درێسی یانە خۆشەویستەکەم لەبەردەکەمەوە».

لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی عێراقدا، یانەی هەولێر بێبەش بوو لە کۆمەڵێک ئەستێرەی یانەکەی بەهۆی نەبوونی توانای دارایی پێویست، کە بەناچاری هەندێک لە ئەستێرەکانی هەولێر بەرەو یانەکانی دیکەی عێراق کۆچیان کرد، یەکێکیان هەڵگورد مەلا محەممەدی یاریزانی دیاری عێراق و کوردستان، برای هاوار مەلا محەممەدی یاریزانی نێودەوڵەتی کورد یەکێک بوو لەو یاریزانانە. ئەو ماوەی چەند ساڵێک لەگەڵ یانەی هەولێر وەک یاریزانێکی ئاستبەرز دەرکەوت، بەڵام ئەمساڵ بەرامبەر گرێبەستێکی گرانبەها لەگەڵ یانەی نەفتی ناوەڕاست بەرەو باشووری عێراق کۆچی کرد، کە ئێستا لەگەڵ ئەو یانەیە بەشداری لە هەردوو خولی عێراق و جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا دەکات، بەڵام وەک خۆی بۆ (ڕووداوی وەرزشی) ئاشکرایکرد لە بەرنامەی دایە لەدوای کۆتاییهاتنی یارییەکانی ئەم وەرزە بگەڕێتەوە ریزی یانەی وەرزشیی هەولێر. ئەو لەو بارەوە گوتی «ئەمساڵ بەپێی گرێبەستێک رووم لە یانەی نەفتی ناوەڕاست کرد، کە پاڵەوانی وەرزی ڕابردووی عێراق بوو، کە لە جامی یەکێتی یانەکانی ئاسیا بەشدارین، بەڵام لە ڕاستیدا چاوەڕوانی ئەوە دەکەم خولەکانی عێراق و ئاسیا بە کۆتایی بێن، بۆ ئەوەی بگەڕێمەوە ریزەکانی یانەی هەولێر». هەروەها هەڵگورد گوتیشی «هەرچەندە خەڵکی باشووریش زۆر ڕێزمان دەگرن، بەڵام من ڕانەهاتووم لە دووری خۆشەویستانم بژیم، بۆ من زۆر زەحمەتە لە دووری خانەوادەکەم یاری بکەم».

لە بارەی هەولێریش هەڵگورد، گوتی «لە ڕاستیدا زۆر بیری هەولێر دەکەم، زۆرم پێ ناخۆش بوو کە ریزەکانی یانەی هەولێرم جێهێشت، بەڵام ئەوە ژیانی پیشەگەرییە، لەوانەیە هەر ماوەیەک لە یانەیەک کار بکەی، ڕێز و خۆشەویستم بۆ هاندەرانی هەولێر هەیە، لەوانەیە بە ڕۆیشتنی من دڵگران ببن، بەڵام بەڵێن دەدەم بگەڕێمەوە ریزەکانی یانەی هەولێر و خزمەتی زیاتری یانەکە بکەم، چونکە یانەی هەولێر تایبەتمەندی خۆی لە ژیانی مندا هەیە. هەرگیز لەو شارە هەست بە غەریبی ناکەم».

سەبارەت بە دەرچوونی یانەی هەولێریش لە خولی عێراق، ئەو یاریزانە کوردە نێودەوڵەتییە، گوتی «زۆرم پێ ناخۆشبوو کە یانەی هەولێر نەیتوانی بۆ قۆناخی داهاتووی خولی نایابی عێراقی سەر بکەوێت، بەڵام بەهیوای بەختی باشترم بۆ یانەکە». هەروەها گوتیشی «ئەمساڵ ئاستی خولی عێراق بەرز بوو، یانەی هەولێریش بەو هەموو یاریزانە کوردە توانی ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات، ئومێدی سەرکەوتن بۆ یانەی هەولێر دەخوازم».






ئینتەرنێتی EXTRA G بە ئارەزووی خۆت لەگەڵ 3 کەس بەش بکە





ئینتەرنێتی EXTRA G بەسەر خزم و دۆستانت بەش بکە لە هەر شوێنێکی عێراق بن بەشێوازێکی ئاسان و خێرا

- ئەم خزمەتگوزارییە بەردەستە بۆ سەرجەم بەشداربووانی ئێکسترا و ئێکسترا VIP و ئێکسترا پڵەس.
- بۆ کاراکردن: سەردانی ماڵپەری "بژاردەکانم" بکە لەڕێگەی ئەم لینکە selfcare.korektel.com هەروەها هەژمارێک بۆ خۆت دروست بکە بۆ مەبەستی بەشداریکردن لە ئینتەرنێت.
- دەتوانی ئینتەرنێت بەش بکەی بەسەر 3 ژمارە یاخود بە ئامێرێک کە پاڵپشتی سیمکارت بکات (Korek Modem, Korek Hotspot, Tablet, Mobile ,....) تەنانەت ئەگەر لە هەمان شوێنیش نەبن.
- ماوەی بەردەستبوون: هەمان ماوەی بەردەستبوونی ئەو پاکێجەی هەیە کە بەشداریت لێی کردووە.
- دەتوانی ژمارەکان زیاد بکەی و بیان سڕیتەوە هەروەها دەتوانی قەبارەی هەر بەکارهێنەرێک دیاری بکەی.

| پاکێجەکان | ئێکسترا | ئێکسترا VIP | ئێکسترا پڵەس |
|---|---|---|---|
| قەبارە | 10 GB | 20 GB | 40 GB |
| کاراکردنی پاکێج (د.ع.) | 40,000 | 60,000 | 90,000 |
| ماوەی بەردەستبوون | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ | 30 ڕۆژ |
| کاراکردنی بەشداربوونی داتاکان (د.ع.) | 7,000 | 6,000 | 5,000 |
| زیادکردنی بەشداربوو (د.ع.) | 5,000 | 4,000 | 3,000 |

411

korektel.com

رووداو وەرزشی
ژمارە (392) سێشەممە 2016/3/15

## تووڕەی دەکات



سامویل ئیتۆی هێرشبەری کامیرۆنی و ئەستێرەی پێشووی یانەی بارسێلۆنای ئیسپانی و ئێستای ئەنتالیا سپۆری تورکی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی ئەستێرەی یانەی شاهانەی تووڕە کرد، کاتێک بەشێوەیەکی گاڵتەجارانە باسی ڕۆناڵدۆی کرد و ڕایگەیاند «کارێکی نابەجێیە بەراورد لەنێوان لیۆنێل مێسی و کریستیانۆ ڕۆناڵدۆدا بکرێت، چونکە مێسی زۆر لەو باشترەو بۆ 10 ساڵی دیکەش هەر بە باشترینی جیهان دەمێنێتەوە». بۆیە ڕۆناڵدۆ وەڵامی ئیتۆی دایەوەو گوتی «لەوانەیە مێسی لە من باشتربێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت منیش زۆر لە ئیتۆ باشترم».

کامیان لەبەردەم گۆڵ کاریگەرترن؟

# مێسی ـ ڕۆناڵدۆ ـ سوارێز

«ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنی مێسی 1.03 و ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنی ڕۆناڵدۆ و سوارێز 0.92 گۆڵە لە هەر یارییەکدا»

«ئەگەر لێدانەکانی سزا هەژمار نەکرێن، ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنی سوارێز لە مێسی و ڕۆناڵدۆ باشترە»

**رووداوی وەرزشی ـ SPORT**

لیۆنێل مێسی ئەرجەنیتنی دەستی بە تۆمارکردنی گۆڵی زۆر کردەوەو هاتەوە نێو ململانێ لەسەر نازناوی گۆڵکارانی خولی ئیسپانیا، لەگەڵ لویس سوارێزی هاوڕێی و ڕکابەرەکەی کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ، کە ئێستا گۆڵکاری خولەکەیە، بەڵام وا ڕێکەوت گۆڵەکانی مێسی لە گۆڵی دوو ڕکابەرەکەی کاریگەرتر بێت.

مێسی لەو دووانەیە کەمتر یاری کردووە کە 24 یارییە و 22 گۆڵیشی تۆمارکردووە، ئەویش بەهۆی دابڕانی بۆ ماوەی 2 مانگ بەهۆی پێکان، بێجگە لەوەی 2 جار وەک یاریزانی یەدەگ بەشداری کردووە، بێجگە لەوەی 2 جار بە گۆڵەکانی خاڵی یارییەکانی بۆ یانەکەی دەستەبەر کردووە، ئەوەش وایکردووە ڕێژەی گۆڵەکانی 1.03 بێت لە یەک یارییدا، لەو کاتەی سوارێز و ڕۆناڵدۆ هەمان ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردنیان هەیە 0.92 لە یەک یارییدا، ڕۆناڵدۆ 27 گۆڵی لە 29 یاری تۆمارکردووە، سوارێزیش 26 گۆڵی لە 27 یاری تۆمارکردووە. بەڵام ئەگەر بێتوو لێدانەکانی سزا دەربێنین کە ئەو سێیانە جێبەجێیان کردووە، ئەوکات سوارێز دەبێتە گۆڵکار بە ڕێژەی 0.93 گۆڵ لە یەک یاری، چونکە سوارێز تەنیا یەک لێدانی سزای گۆڵ کردووە، مێسی لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی 0.83 گۆڵ لەیەک یاری و 3 گۆڵی بە لێدانی سزا هەیە، لە کاتێکدا ڕۆناڵدۆ لە پلەی سێیەم دێت بە ڕێژەی 0.73 گۆڵ لەیەک یاری، چونکە 6 گۆڵی بە لێدانی سزا هەیە.

لەلایەنی وردی لە شووت لێدانەوە سوارێز لە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەی سەرکەوتنی شووتەکانی بۆ گۆڵ بریتییە لە 54% و توانیویەتی 24%ی شووتەکانی بکاتە گۆڵ، مێسی لە پلەی دووەم دێت بە ڕێژەی 53% و توانیویەتی 22 گۆڵ لە 106 شووت بۆ گۆڵ تۆماربکات. ڕۆناڵدۆ لە دووانەکەی دیکە کەمتر شووتەکانی بە دیقەت بووە، توانیویەتی ڕێژەی 15%ی شووتەکانی بکاتە گۆڵ و لە 180 شووتدا 27 گۆڵی تۆمارکردووە.



ژمارەکانی **مێسی** (22 گۆڵ):
ژمارەی یاری: 24
ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردن لەیەک یاری: 1.03
لێدانی سزا: 3
ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردن بەبێ لێدانی سزا: 0.89
ژمارەی شووت لێدان بۆ گۆڵ: 106
ڕێژەی ئەو شووتانەی بۆ ناو گۆڵ چووینە: %53.3
ڕێژەی گۆڵی تۆمارکراو لە شووت لێدان: %20
گۆڵەکانی لەسەر یاریگەی خۆی: 13
گۆڵەکانی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی: 9
لێدانی ڕاستەوخۆ: 3



ژمارەکانی **سوارێز** (26 گۆڵ):
ژمارەی یاری: 27
ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردن لەیەک یاری: 0.92
لێدانی سزا: 1
ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردن بەبێ لێدانی سزا: 0.93
ژمارەی شووت لێدان بۆ گۆڵ: 106
ڕێژەی ئەو شووتانەی بۆ ناو گۆڵ چووینە: %55.7
ڕێژەی گۆڵی تۆمارکراو لە شووت لێدان: %24
گۆڵەکانی لەسەر یاریگەی خۆی: 17
گۆڵەکانی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی: 9
لێدانی ڕاستەوخۆ: 0



ژمارەکانی **ڕۆناڵدۆ** (27 گۆڵ):
ژمارەی یاری: 29
ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردن لەیەک یاری: 0.92
لێدانی سزا: 6
ڕێژەی گۆڵ تۆمارکردن بەبێ لێدانی سزا: 0.75
ژمارەی شووت لێدان بۆ گۆڵ: 180
ڕێژەی ئەو شووتانەی بۆ ناو گۆڵ چووینە: %45
ڕێژەی گۆڵی تۆمارکراو لە شووت لێدان: %15.2
گۆڵەکانی لەسەر یاریگەی خۆی: 18
گۆڵەکانی لە دەرەوەی یاریگەی خۆی: 9
لێدانی ڕاستەوخۆ: 1

# داعش درۆگبای دەستبەسەر کرد

**رووداوی وەرزشی ـ THE SUN**

ئەکاونتی دیدێ درۆگبای یاریزانی کۆتدیڤواری لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، ڕووبەڕووی هێرشێکی ئەلیکترۆنی هات لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش، ماوەیەک ئەکاونتەکەی دەست بەسەردا گیرا، بەڵام سەرپەرشتیاری ئەکاونتەکەی توانی کارای بکاتەوە.

ڕۆژنامەی THE SUNی بەریتانی بڵاویکردووەتەوە، هێرشبەری یانەی مۆنتریال ئەمپاکتی کەنەدی تەمەن 37 ساڵان، سەری سوڕما کاتێک زانی ئەکاونتەکەی بەر هێرشی داعش کەوتووە، هێرشبەرەکان بڵاوکراوەیەکیان بە زمانی عەرەبی نووسی کە تێیدا هاتبوو «ئەکاونتەکەت هاک کراوە لەلایەن کۆمەڵێک ڕۆڵەی سوپای خەلافەت». وێنەی کەسیشیان گۆڕیبوو. ئەکاونتی درۆگبا کە پێشتر 100 گۆڵی بۆ چێلسی تۆمارکردووە لە 250 یاریدا، بەتەنیا بەر هێرشی هاککەران نەکەوتووە، بەڵکو یەکێک بوو لەو 10 هەزار بەکارهێنەرەی فەیسبووک، کە هەموویان لەهەمان کاتدا هێرشیان کرایە سەر، ئەوەش پاڵی بە کارگێڕی فەیسبووکەوە نا ئەکاونتی خاوەنەکانی بگێڕێتەوە.

ڕۆژنامە بەریتانییەکە دووپاتی دەکاتەوە، ئەو هۆکارانەی نەزانیوە کە ئەفسانەی کۆتدیڤواریان کردووەتە ئامانج، بەڵام ئاماژەی بەوە کردووە «داعش پێشتر هەڕەشەی لە بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کردووە، ئەویش لەمیانی کاسێتێکی ڤیدیۆیی کە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکرایەوە».

کارگێڕی فەیسبووک دووپاتیکردەوە بەنیازە هەموو ئەو لاپەڕە و ئەکاونتانە بسڕێتەوە و دابخات، کە تیرۆریستان هەیانە.





# کلاسیکۆ لە مەترسی دایە

**رووداوی وەرزشی ـ AS**

ڕۆژنامەی AS ئیسپانی لە هەواڵێکدا هەمووانی تووشی شۆک کرد، کاتێک ڕایگەیاند کە یاری کلاسیکۆی لالیگا، کە بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێت، لە مەترسیدایەو لەو بارەوە نووسیویەتی «لەوانەیە هاندەران نەتوانن لە یارییەکە ئامادە بن».

ڕۆژنامە ئیسپانییەکە لەو هەواڵەیدا باس لەوە دەکات کە قەیرانێکی گەورە ڕووبەڕووی ڕێکخەرانی یاری کلاسیکۆ لەنێوان هەردوو یانەی بارسێلۆنا و ڕیال مەدرید، لە چوارچێوەی خولی ئیسپانیا بووەتەوە. یارییەکە ڕۆژی 2016/4/2 لەسەر یاریگەی کامپ نو لە شاری بارسێلۆنا بەڕێوەدەچێت، بەڵام لەو ماوەیەدا قەیرانی مانگرتنی کرێکاران لە وێستگەی میترۆ ڕوودەدات، نەخاسمە دوای ئەوەی ڕاگەیاندنی فەرمی لەبارەی ئەو مانگرتنە لەسەرەتای ئەم مانگە بڵاوکرایەوە. بە گوێرەی هەواڵەکەی ASی ئیسپانی «ئەگەر ئەو مانگرتنە بکرێت، بەربەست لەبەردەم گەیشتنی جەماوەر بۆ یاریگە دروست دەبێت، چونکە جوولەی شەمەندەفەرەکانی میترۆ لە شاری بارسێلۆنا دەوەستێت».

هەرچەندە بەرپرسان ڕایانگەیاندووە کە بەر لە کۆتایی هاتنی مانگی ئادار ئەو قەیرانە چارەسەر دەکرێت، کارگێڕی بارسێلۆناش تاوەکو ئێستا چاوەڕێی ڕەوشەکە دەکات.



دوای دۆڕانی یانەی مانچستەر یونایتد بە لیڤەرپوول لە یۆرۆپالیگدا، ریۆ فێردیناندی بەرگریکاری پێشووی یانەی شەیتانە سوورەکان هێرشـێکی توندی کردە سـەر راهێنەر و یاریزانانی یانەکەو رایگەیاند کە شـەرم لەوە دەکات لەگەڵ ئەو یاریزانانە یاری بکات و گوتی «سـەدان ملیـۆن پاوەندیـان بە یاریزانی نـوێ داوە، کەچی هیچ کامێکیان هێندەی دیماریا، ئێڤـرا، نانی، فلیچەر، چیچاریتۆ، ئیڤانز و کاگاواو چەندانـی دیکەش باش نییـە، کە بەخۆڕایی دەستبەرداریان بوون، قەت هیوا ناخوازم لەگەڵ ئەو پێکهاتەیە یاری بکەم کە بەرامبەر لیڤەرپوول یاریکرد».

چامپیۆنسلیگ گڕ دەگرێت..

# یۆڤی بە گرینتا یاریدەکات و ئارسناڵیش شەڕ لەگەڵ شاخ دەکات



شرۆڤە: سەفین تەها

هەفتـەی رابـردوو 4 یانـە سـەرکەوتنەکانیان بەسـەر رکابەرەکانیاندا دووبارە کـردەوە، بەجۆرێک بردنەوەی ئەو یانانە تا رادەیەک پێشـبینیکراو بوو، هەموومان گلەییمان لـە تیروپشـکەکەی قۆناخـی 16 هەبـوو کـە زۆر یانـەی گەورەی لە قۆناخی داهاتوو بێبەشـکرد، بەڵام ئەگەر واش نەبووایـە بینەر ئەو چێژەی لێوەرنەدەگەرت کە پێش چەند هەفتەیەک بە تامەزرۆوە چاوەڕێی سێشەممە و چوارشەممە بکات، لەبەرامبەریشدا هەوادارێکی زۆری ئەو یانە گەورانەی لە قۆناخەکانی داهاتووی چامپیۆنسلیگ تۆراند.

یارییەکانـی ئەمڕۆ و سـبەی، هەندێکیان تـا رادەیەک یەکلاییبوونەتەوە، ئەوەی کە ماوە پێشبڕکێیە لەگەڵ کاتدا، گرنگترین رکابەریش لە شـانۆی ئالیانـز ئارێنادا دەبێ، کە پێشـەنگی دوو گـەورە خولـی ئەوروپا بەگژیەکـدا دەبات، بێگومـان لـە ئەگەری چوونـە دەرەوەی یۆڤێنتۆسـدا هیچ یانەیەکی ئیتاڵی نامێنێتەوە، ئینجا ئەوەی لەسەر ئەلێگری پێویسـتە دووبـارە شـکاندنی بەربەسـتە پۆڵاینەکەی یانە ئەڵمانییەکانە بەرامبەر خانمەپیرەکە.

لـە کاژێری یەکەمی یاری چوونی نێوان یۆڤی و بایرندا هەمووان کۆکبوون لەسـەر چوونەدرەوەی یۆڤی لـە کەشـوهەوای پاڵەوانـەکان، باشـە چی وایکرد دوای یارییەکە بیرکردنەوەیەکی دیکە گەڵاڵە بکەن؟

بێگومـان تاکە شـت کـە هیوایەکی دیکەی بە ئیتاڵییەکان بەخشـی تەنیا حەماسەت و رۆحییەتی (گرینتا) بوو، کە سـەرجەم تیپە ئیتاڵییەکی پێناسراوە، ئەمەش لە نیوەی یەکەمدا بوونی نەبوو، ئەوەی لەسەر ئەلێگری پێویستە دووبارەکردنەوەی نیوەی دووەمی یاری چوونە کە بەدەم خۆشە و بەکرداریش ئەستەم، چونکە ئەڵمانەکان لە خاکی خۆیاندا نەک بەرگریکەرێکی ئاسنینن، بەڵـکو گۆڵکەرێکی بێ وێنەشـن، لە رووی تەکتیکیشـەوە هەرگیز پێکهاتەی 4 ـ 4 ـ 2 سـوود بەو تیپانە نابەخشـێ کـە رووبـەڕووی تیکی تـاکا دەبنـەوە، یاریکردنی 3 ـ 5 ـ 2 کـە کـە ئیتاڵییەکان بـە هی خۆیانی دەزانن، باشـترین چەکە بۆ بەرگریکردن و هێرشبردن، لەبەرامبەریشدا بایرنی ئەمسـاڵ نابێتە ئەوەی سـاڵانی رابردوو، هـۆکار گەلێک لە پشت ئەمەوەن.

واز لەوە بێنن کە بەرگرییەکەی شلۆقە، هۆکاری سەرەکی لە بوونی ناهاوسـەنگی لە ریزەکانی باڤاری، بە پلەی یەک گواردیـۆلا بـوو، ئاخر ئەو بە لێدوانێـک ئاگری لە دوو یانە بـەردا، یەکـەم دوودڵییەکـی زۆری لە بایرندا دروسـتکردو لەبەرامبەریشـدا یەکرێزی لە مانچسـتەر سیتی نەهێشت و لە زۆر شـت بێئومێد بوون، ئەمە و هۆکارگەلێکی دیکە لە بەردەم تیپەکەی شـاری تۆرینۆدایە بۆ ئەوەی بیقۆزێتەوەو پێشبینییەکان بگۆڕێ، بەڵام ئەی ئەگەر ئەلێگری سووربوو لەسـەر یارکـردن بە پێکهاتـە تەقلیدییەکەی کـە 4 ـ 4 ـ 2 یـە؟ یانیـش گواردیۆلا هەمان سـیناریۆی یۆپ هاینکس دووبارە بکاتەوە؟ بێگومان رۆبن، لیڤا و مۆلەر رەحمیان لە دڵدا نییە، بە تۆمارکردنی هەر گۆڵێک لە تۆری بوفۆن ئەو هاوکێشەیە زیاتر روونەکاتەوە کە کرانە دەرەوەی یۆڤییە.

یارییەکی دیکەی سـبەی شـەو لە یاریگـەی کامپ نودا دەبێ کـە بارسـێلۆنا و ئارسـناڵ رووبەڕوودەبنەوە، پێش ئەوەی باسـی ئەم یارییـە بکەین دەبێ ئاورێـک لـە ئەنجامـی یـاری چـوون بدەینـەوە، چونکـە تۆمارکردنـی دوو گـۆڵ لە لەنـدەن هیچی بۆ شـیکردنەوە نەهێشـتەوە، ئاخر ئارسـناڵ زۆربەی جارەکان لە بەرامبەر بارسـێلۆنادا پێـش یارییەکە دۆڕاون ئیدی باسـی ئەنجامی چاوەڕواننەکـراوی چیبکەیـن، ئەوان خاوەنـی راهێنەرێکن کـە هۆکارە لە هەموو شکسـتەکانیان، وابزانـم هەوادارانی گەنەرزیش لەسـەر ئەم بۆچوونـە کۆکن، لەلایەکی دیکەش ئارسـناڵ هەرگیز لە کامپ نودا لە بارسـای نەبردووەتەوە بەڵـکو لە دواپین دوو یاریشـیاندا 7 گۆڵیان لێتۆمارکراوە، ئیـدی تۆمارکردنی 3 گـۆڵ و پاکراگرتنی گۆڵەکەیان چۆن ئەستەم نەبێ؟.

ڤینگەر هەمان هەڵەی ئەلێگری دووبارەکردەوەو پشـتی بە ئۆلیڤێ جیرۆ بەسـتبوو بۆ هەژاندنی تۆڕی بارسـا، ئەو یاریزانـە کـە لـە 2016 تەنیـا 3 گۆڵـی تۆماکردبوو چۆن توانای تەواوکردنی هێرشـە هەڵگەڕاوەکانی گەنەرزی هەیە کـە خێراییەکەی بێ سـنوورە؟. ئارسـناڵ بۆ ئـەم یارییە نابـێ ئەو هەڵەیە دووبـارە بکاتەوە لە جێگای جیرۆ دەبوو واڵکـۆت بـێ وەک چۆن بەشـێکی یارییەکانی ئەم وەرزەی ئـاوا ئەنجامـداوە، لە کاتێکـدا کە سـانچێز چاکبووەتەوەو ئامادەیە. ئیدی سـێ بژاردەی باشـی لەبەردەمە، واڵکۆت، سـانچێز و چامبەرلین، ئەم سـیانە هەرچۆنێک لەپێشـەوە بـن دەتوانـن لە کاتـی هێرشـە هەڵگەڕاوەکانـدا جیاوازی دروسـبکەن، بەڵام ئەی هێڵی بەرگـری؟ ئەگەر رۆبن، لیڤا و مۆلەر بێ رەحم بن ئەی MSN چین؟ واتە ناوەڕاسـت و بەرگری ئارسناڵ لەو ئاستەدا دەبن کە بتوانن سێکوچکەی بەرامبـەر رابگرن و کار بە سـێکوچکەکەی خۆیان بکەن؟.

وەک گوتمان لەپێش دەسـتپێکردنی یاری بەشێک لە تیپە ئینگلیزەکان لە چەشـنی مان سـیتی و ئارسـناڵ بەرامبەر بارسـێلۆنا دۆڕاون، ئـەی ئەگەر لە سـەریان بـێ 3 بەهیچ سـەرکەوتن بەدەستبێنن؟ ئەمە لـە کاتێکدایە کە لـە مێـژووی چامپیۆنسـلیگدا هەر گیز بارسـێلۆنا لـە یاریگـەی خـۆی بـە 2 گـۆڵ زیاتـر نە دۆڕاوە جگـە لە سـاڵی 2013 کە بایرن ئـەم کارەی کـرد ئیـدی بەراوردکردنـی پێکهاتەکەی میونشـنی ئەوکات و ئارسـناڵی ئێستا پێویستی بە قسە لەسەرکردن نییە.

سـەبارەت بە یارییەکانی دیکەش، مانچستەر سـیتی لە یاری چووندا کارێکی کرد کە یاری گەڕانەوە پێویسـت بـە شـیکردنەوە نـەکات، هەرچی ئاتلێتیکۆ مەدرید و ئایندهۆڤنیشە، ئەنجامـی هیـچ بە هیچ لـە بردنەوەیەک باشـتر کـە 2 ـ 1 بێ، پی ئێس ڤـی گۆڵەکەی پاراسـت، بـەڵام یاری گەڕانەوە پێویسـت بە گۆڵپاراسـتن نـاکا و دەبێ هێرشـبکەن، گۆڵکـردن لـە تیپێک کە بەدرێژایـی 28 یاری لالیگا تەنیـا 12 گۆڵی لێکرابێ ئاسـان نییەو پاراستنی گۆڵەکەشـیان کەوتووەتـە بەر رەحمی قاچەکانی گریزمان و ڤیتۆ.



لە یۆرۆپالیگدا..

# تۆتنهام بۆ دۆڕان یاریدەکات و سەردەمی فێرگسۆنیش بەسەرچوو

سەفین تەها

بەهەمانشـێوەی خولی یانە پاڵەوانەکانـی ئەوروپا و جیاواز لـە سـاڵانی رابـردوو، تیروپشـکی قۆناخـی 16ی یۆرۆپالیـگ گەرموگوڕییەکـی زۆری بـە رووبەڕووبوونـەوەکان دابـوو، پێش یارییەکان لەسەر کاخەز زۆر شت باسکران کە وادەرنەچوو، بەڵکو پێچەوانەکەی راسـتبوو، بۆ نموونە دۆڕانی تۆتنهام بە بورۆسـیا دۆرتمۆند بەئەنجامێکی گەورە، بەهەمانشـێوە شکستەکەی مان یونایتد لەسەر دەستی لیڤەرپوول.

رەنگە پێوەری بەهێزبوونی یانەکان حسـابی مێژووی لەگەڵدا کرابێ، ئەگەرنا مانچسـتەر یونایتدێک وا بەئاسـانی دەسـت بۆ هیـچ یانەیەک بـەرز ناکاتـەوە، هەڵبەتە دەبێ کێشـەیەک لەو تیپەدا هەبێ، چیدیکە ناکرێ بەهەمان سەردەمی فێرگسۆن لێی بڕواندرێ، یانیش ئەسـتەمە باس لەوە بکەین کە یانەیەکی وەک تۆتنهـام بتوانێ لـە دوو پاڵەوانیەتـی گەورەی ئەوروپیـدا بـە پێکهاتەیەکی لاو و کـەم ئەزموون و بـێ یەدەگەوە رکابەری گەورەکان بکات. بەهەر حاڵ رەنگە یارییەکانی ئەم قۆناخە لە رووی ناوی یانەکانەوە لـە قۆناخی داهاتـوو بەهێزترین، ئەمـە بەپێچەوانەی هەموو پاڵەوانیەتییەکی جیهانییەوە.

بـۆ یاری گەڕانـەوە، بێ گومان ئـەوەی یارییەکەی دۆرتمۆنـد و تۆتنهامی بینیبێ، باش لەوە گەیشـتووە، کە یاری پێنەکردنی ئەستێرەکان لە سەرەتاوەو پیشاندانی ئاسـتێک لە ژێر رادەی خراپییەوە گەواهیدەری ئەوەن کە سـپێرس ئەم پاڵەونیەتییـەی ناوێت و رەنگە تاکە تیـپ بێ لە جیهانـدا بۆ دۆڕان یـاری کردبێ، لە یاری گەڕانەوەشـدا هیچی لێ چاوەڕێ ناکرێ، ئەی باشە خۆ لە پریمەرلیگیشـدا 5 خاڵ لە دوای لیستەرەوەیە، ئەی بۆچی وا بە ئاسانی چەککرا؟.

ئەگـەر باس لە مـان یونایتد بکـرێ، وابزانم ئەو سەبرە ئەیوبییەی لەسەر ڤان گال گیراوە دەبێ خۆی هەست بە شەرمەزاری بکات و تیپەکە جێبهێڵێ، ئاخر بردنـەوە لـە مان یونایتد زۆر ئاسـانتر بـووە لە هەر یانەیەکی دیکەی پریمەرلیگ، بۆیە ئاسانە بلیمەتێکی وەک کلۆپ جارێکی دیکە بردنەوە لە شانۆی خەونەکان دووبارە بکاتەوە.

دێڕبییەکـەی ئیسـپانیای نێوان بلباو و ڤالنسـیا دەکـرێ بلێیـن بەهێزتریـن رکابـەری لـەم قۆناخەدا دروسـتکرد، بینەر دەبێ چاوەڕێی وەڵامی ڤالنسیا بێت لە یاری گەڕانەوەدا، ئایا تیپەکەی نیڤل کەوتووەتە سـەر رێچکە یانیش هێشتا نێچیرێکی ئاسانە بۆ گەورەکان.

لازیۆش کـە تاکە نوێنەری ئیتاڵیایـە، ئەنجامی یاری چوونـی بەدڵـی هەوادارانییەتـی، بـەڵام ئاسـتەکەی بەو شـێوەیە نەبوو کـە لێی چاوەڕێ دەکـرا، هەر چۆنێک بێ، لە قۆناخی پێشتریشدا بەهەمان ئەنجام یاری چوونی تەواوکردو لازیۆیەکی دیکە یاری گەڕانەوەی ئەنجامدا.



## 20 دەوڵەمەندترین یاریزان لە مێژووی تۆپی پێدا

رووداوی وەرزشی ـ SPORT

ئەم لیستە بۆ خاوەنی زۆرترین مووچە و زۆرترین داهات نییە، بەڵکو بۆ ئەو یاریزانانەیە کە خاوەنی زۆترین سامانن لە مێژووی تۆپی پێدا، ئەوەش بەگوێرەی ئەو شـیکارەی کە ماڵپـەڕی GOAL.COMی جیهانی بڵاویکردووەتەوە. ریزبەندەکە بەمشێوەیە:

1 ـ کریستیانۆ رۆناڵدۆ بە 230 ملیۆن دۆلار.
2 ـ لیۆنێل مێسی بە 218 ملیۆن دۆلار.
3 ـ نەیمار دا سیلڤا بە 148 ملیۆن دۆلار.
4 ـ زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ بە 114 ملیۆن دۆلار.
5 ـ واین رۆنی بە 112 ملیۆن دۆلار.
6 ـ ریکاردۆ کاکا بە 105 ملیۆن دۆلار.
7 ـ سامویل ئیتۆ بە 95 ملیۆن دۆلار.
8 ـ رائوول گۆنزالێس بە 93 ملیۆن دۆلار.
9 ـ رۆناڵدینهۆ بە 90.5 ملیۆن دۆلار.
10 ـ فرانک لامپارد بە 87 ملیۆن دۆلار.
11 ـ باستیان شڤاینشتایگەر بە 82 ملیۆن دۆلار.
12 ـ ریۆ فێردیناند بە 78.5 ملیۆن دۆلار.
13 ـ جیانلویجی بۆفۆن بە 72 ملیۆن دۆلار.
14 ـ ستیڤن جیرارد بە 70 ملیۆن دۆلار.
15 ـ یایا تورێ بە 67.5 ملیۆن دۆلار.
16 ـ فرانک ریبێری بە 66.5 ملیۆن دۆلار.
17 ـ فرانچیسکۆ تۆتی بە 65.5 ملیۆن دۆلار.
18 ـ جیرارد پیکێ بە 63 ملیۆن دۆلار.
19 ـ سێرجۆ ئەگوێرۆ بە 63 ملیۆن دۆلار.
20 ـ جۆن تێری بە 61 ملیۆن دۆلار.

KOREK Telecom
بەردەوامبە لە قسەکردن
هەر قسە بکە و.....قسە بکە
تەنانەت ئەگەر باڵانسیشت نەبێت



باڵانسەکەت کۆتایی هاتووە و دەتەوێ پەیوەندی ئەنجام بدەی؟
لەگەڵ خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" لە کۆرەک، دەتوانی سوود لە باڵانسی زیادکراو وەرگریت.
• بۆ کاراکردنی خزمەتگوزاری "گفتوگۆکەت تەواو بکە" پەیوەندی بکە بە #202*
• بڕی باڵانسی زیادکراو 600 د.ع.
• هەرکاتێ باڵانسەکەت بۆ جارێکیتر پڕبکەیتەوە ئەوا بڕی باڵانسی زیادکراو لە باڵانسەکەت کەم دەکرێتەوە.
• باڵانسی زیادکراو بۆماوەی 3 رۆژ بەردەست دەبێت
• نرخی خزمەتگوزارییەکە 120 د.ع.
• ئەم خزمەتگوزارییە بەردەست دەبێت بۆ سەرجەم بەشداربووانی پریپەید لەنێو تۆڕی کۆرەک
- دەبێ باڵانسەکەت لە 60 د.ع کەمتر بێت.
- دەبێ پێشتر هێڵەکەت بەلایەنی کەم 3 جار پڕکردبێتەوە.
- نابێت بەشداربوو هیچ قەرزێکی دیکە لە ئەستۆ مابێت.
بوێربە خەون ببینە
korektel.com
411

KOREK

# خشتەی یارییەکانی هەفتە

ڕووداو وەرزشی
ژمارە

خولی ئینگلتەرا
03:45
شەممە 19/3/2016
ئێڤەرتۆن - ئارسناڵ

خولی ئیتاڵیا
10:45
شەممە 19/3/2016
ڕۆما - ئینتەرمیلان

خولی ئینگلتەرا
07:00
شەممە 20/3/2016
مانچستەر سیتی - مانچستەر یونایتد

خولی ئیسپانیا
10:30
یەکشەممە 20/3/2016
ریال مەدرید - سڤیلیا

## خولی ئیتاڵیا (هەفتەی 30)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2016/3/19** | |
| ئیمپۆلی - پالێرمۆ | 08:00 |
| ڕۆما - ئینتەرمیلان | 10:45 |
| **یەکشەممە 2016/3/20** | |
| ئاتالانتا - بۆلۆنیا | 02:30 |
| ڤیرۆنا - کارپی | 05:00 |
| سامپدۆریا - کیێڤۆ | 05:00 |
| فرۆزینۆنی - فیۆرەنتینا | 05:00 |
| تۆرینۆ - یوڤانتۆس | 05:00 |
| ساسۆلۆ - ئۆدینێزی | 05:00 |
| ناپۆلی - جێنەوا | 08:00 |
| میلان - لازیۆ | 10:45 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - یوڤانتۆس | 67 |
| 2 - ناپۆلی | 64 |
| 3 - ڕۆما | 59 |
| 4 - فیۆرەنتینا | 54 |
| 5 - ئینتەرمیلان | 54 |
| 6 - میلان | 48 |
| 7 - ساسۆلۆ | 44 |
| 8 - لازیۆ | 41 |
| 9 - بۆلۆنیا | 36 |
| 10 - کیێڤۆ | 35 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - هیگواین | ناپۆلی | 27 |
| 2 - دیبالا | یوڤانتۆس | 14 |
| 3 - باکا | میلان | 13 |
| 4 - کالینیچ | فیۆرەنتینا | 12 |
| 5 - ئیکاردی | ئینتەرمیلان | 12 |

## خولی فەرەنسا (هەفتەی 31)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/3/18** | |
| مارسیلیا - رین | 10:30 |
| **شەممە 2016/3/19** | |
| سانت ئیتیان - مۆنپێلیە | 07:00 |
| لیل - تۆلۆز | 10:00 |
| کان - تروا | 10:00 |
| ریمس - گانگۆن | 10:00 |
| ئەنجی - لۆریان | 10:00 |
| لیۆن - نانت | 11:00 |
| **یەکشەممە 2016/3/20** | |
| بۆردۆ - باستیا | 04:00 |
| نیس - ئەجاکسیۆ | 07:00 |
| پاریس سانجێرمان - مۆناکۆ | 11:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - پاریس سانجێرمان | 77 |
| 2 - مۆناکۆ | 52 |
| 3 - نیس | 47 |
| 4 - لیۆن | 46 |
| 5 - رین | 45 |
| 6 - نانت | 44 |
| 7 - کان | 43 |
| 8 - سانت ئیتیان | 42 |
| 9 - لیل | 40 |
| 10 - مارسیلیا | 39 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ئیبراهیمۆڤیچ | پاریس سانجێرمان | 27 |
| 2 - کاڤانی | پاریس سانجێرمان | 14 |
| 3 - لاکازیتی | لیۆن | 13 |
| 4 - پاتشوای | مارسیلیا | 13 |
| 5 - جێرمان | نیس | 12 |

## خولی ئەڵمانیا (هەفتەی 27)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/3/18** | |
| شاڵکە - مونشنگلادباخ | 10:30 |
| **شەممە 2016/3/19** | |
| ڤێردەربریمەن - ماینز | 05:30 |
| کۆڵن - بایرن میونشن | 05:30 |
| هێرتا بەرلین - ئینگۆلشتات | 05:30 |
| فۆلفسبۆرگ - دارمشتات | 05:30 |
| هامبۆرگ - هۆفنهایم | 05:30 |
| فرانکفۆرت - هانۆڤەر | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/3/20** | |
| شتۆتگارت - بایرلیڤەرکۆزن | 05:30 |
| ئوگسبۆرگ - بورۆسیا دۆرتمۆند | 07:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بایرن میونشن | 66 |
| 2 - بورۆسیا دۆرتمۆند | 61 |
| 3 - هێرتا بەرلین | 45 |
| 4 - مونشنگلادباخ | 42 |
| 5 - شاڵکە | 41 |
| 6 - ماینز | 40 |
| 7 - بایرلیڤەرکۆزن | 39 |
| 8 - فۆلفسبۆرگ | 37 |
| 9 - کۆڵن | 33 |
| 10 - ئینگۆلشتات | 33 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 24 |
| 2 - ئۆبامیانگ | بورۆسیا دۆرتمۆند | 22 |
| 3 - مۆلەر | بایرن میونشن | 19 |
| 4 - چیچاریتۆ | بایرلیڤەرکۆزن | 14 |
| 5 - رافایێل | مونشنگلادباخ | 13 |

## خولی ئینگلتەرا (هەفتەی 31)

| | |
|---|---|
| **شەممە 2016/3/19** | |
| ئێڤەرتۆن - ئارسناڵ | 03:45 |
| کریستال پالاس - لیستەر سیتی | 06:00 |
| وێست برۆمیچ - نۆرویچ سیتی | 06:00 |
| واتفۆرد - ستۆک سیتی | 06:00 |
| چێلسی - وێستهام | 06:00 |
| سوانزی سیتی - ئەستۆن ڤێلا | 08:30 |
| **یەکشەممە 2016/3/20** | |
| نیوکاسڵ - سەندەرلاند | 04:30 |
| ساوسهامتۆن - لیڤەرپوول | 04:30 |
| مانچستەر سیتی - مانچستەر یونایتد | 07:00 |
| تۆتنهام - بۆرنیمۆس | 07:00 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - لیستەر سیتی | 60 |
| 2 - تۆتنهام | 58 |
| 3 - ئارسناڵ | 52 |
| 4 - مانچستەر سیتی | 51 |
| 5 - وێستهام | 49 |
| 6 - مانچستەر یونایتد | 47 |
| 7 - ساوسهامبتۆن | 44 |
| 8 - لیڤەرپوول | 44 |
| 9 - ستۆک سیتی | 43 |
| 10 - چێلسی | 40 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڤاردی | لیستەر سیتی | 19 |
| 2 - کەین | تۆتنهام | 19 |
| 3 - لۆکاکۆ | ئێڤەرتۆن | 18 |
| 4 - ئەگوێرۆ | چێلسی | 16 |
| 5 - محرز | لیستەر سیتی | 15 |

* ئەم ریزبەندە بەر لە یاری (لیستەر سیتی - نیوکاسڵ) دانراوە.

## خولی ئیسپانیا (هەفتەی 30)

| | |
|---|---|
| **هەینی 2016/3/18** | |
| گیتافی - ئیبار | 10:30 |
| **شەممە 2016/3/19** | |
| خیخۆن - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 06:00 |
| ریال سۆسیداد - لاس پالماس | 08:15 |
| گرانادا - رایۆ ڤالیکانۆ | 08:15 |
| دیپۆرتیڤۆ - لیڤانتی | 10:30 |
| ریال بیتیس - مەلەگە | 12:05 |
| **یەکشەممە 2016/3/20** | |
| ئیسپانیۆل - ئەتلەتیک بلباو | 02:00 |
| ڤیاریال - بارسیلۆنا | 06:00 |
| ڤالنسیا - سێلتاڤیگۆ | 08:15 |
| ریال مەدرید - سڤیلیا | 10:30 |

| یانە | خاڵ |
|---|---|
| 1 - بارسیلۆنا | 75 |
| 2 - ئەتلەتیکۆ مەدرید | 67 |
| 3 - ریال مەدرید | 63 |
| 4 - ڤیاریال | 53 |
| 5 - سڤیلیا | 48 |
| 6 - ئەتلەتیک بلباو | 47 |
| 7 - سێلتاڤیگۆ | 45 |
| 8 - ئیبار | 37 |
| 9 - مەلەگە | 36 |
| 10 - ریال سۆسیداد | 35 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 27 |
| 2 - سوارێز | بارسیلۆنا | 26 |
| 3 - مێسی | بارسیلۆنا | 22 |
| 4 - نەیمار | بارسیلۆنا | 20 |
| 5 - بنزیمە | ریال مەدرید | 19 |

## چامپیۆنسلیگ (قۆناخی 16)

| | |
|---|---|
| **سێشەممە 2016/3/15** | |
| مانچستەر سیتی (ئینگلتەرا) - دینامۆکیێڤ (ئۆکرانیا) | 10:45 |
| ئەتلەتیکۆ مەدرید (ئیسپانیا) - ئایندهۆڤن (هۆڵەندا) | 10:45 |
| **چوارشەممە 2016/3/16** | |
| بارسیلۆنا (ئیسپانیا) - ئارسناڵ (ئینگلتەرا) | 10:45 |
| بایرن میونشن (ئەڵمانیا) - یوڤانتۆس (ئیتاڵیا) | 10:45 |

| گۆڵکاران | یانە | گۆڵ |
|---|---|---|
| 1 - کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ | ریال مەدرید | 13 |
| 2 - ڕۆبەرت لیڤاندۆڤسکی | بایرن میونشن | 7 |
| 3 - تۆماس مۆلەر | بایرن میونشن | 6 |
| 4 - ئارتیم دزوبیا | زینیت | 6 |
| 5 - لیۆنێل مێسی | بارسیلۆنا | 5 |

## یۆرۆپالیگ (قۆناخی 16)

| | |
|---|---|
| **پێنجشەممە 2016/3/17** | |
| بایرلیڤەرکۆزن - ڤیارپیال | 09:00 |
| ڤالنسیا - ئەتلەتیک بلباو | 09:00 |
| لازیۆ - سپارتا براگ | 09:00 |
| ئەندەرلەخت - شاختار | 11:05 |
| سڤیلیا - بازل | 11:05 |
| تۆتنهام - بورۆسیا دۆرتمۆند | 11:05 |
| سپۆرتینگ براگا - فەنەربەخچە | 11:05 |
| مانچستەر یونایتد - لیڤەرپوول | 11:05 |

چامپیۆنسلیگ
10:45
چوارشەممە 16/3/2016
بارسیلۆنا - ئارسناڵ

چامپیۆنسلیگ
10:45
چوارشەممە 16/3/2016
بایرن میونشن - یوڤانتۆس

یۆرۆپالیگ
09:00
پێنجشەممە 17/3/2016
بایرلیڤەرکۆزن - ڤیاریال

یۆرۆپالیگ
11:05
پێنجشەممە 17/3/2016
مانچستەر یونایتد - لیڤەرپوول

## باشترینه



تیاگۆ ئەلکانتارای یاریزانی یانەی بایرن میونشن تاوەکو ئێستا بەپێش هەموو ئەستێرە گەورەکانی بەشدار لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا کەوتووە و بە باشترین یاریزانی ئەو خولە دادەنرێت، بەو پێیەی 8.44 خاڵی کۆکردووەتەوە. دوای ئەویش کریستیانۆ رۆناڵدۆی ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید بە کۆکردنەوەی 8.36 خاڵ بە پلەی دووەم دێت. نەیمار دا سیلڤای ئەستێرەی یانەی بارسێلۆناش پلەی سێیەمی گرتووە، کە 8.33 خاڵی کۆکردووەتەوە. پلەی چوارەمیش بۆ هالکی یاریزانی یانەی زینیتی رووسی ماوەتەوە، بە 8.32 خاڵ.

ژمارە (392) سێشەممە 2016/3/15

روودو وەرزشی

کاپتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا بوو..

# لە تەمەنی 53 ساڵیدا دەست بە یاری دەکاتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ GULF NEWS**

ستیوارت پێرس، کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا و یانەی نۆتنگهام فۆرستی ئینگلیزی، لە بڕیارێکی چاوەڕوان نەکراودا لە تەمەنی 53 ساڵیدا دەستی بە یاریکردن کردەوە، بەڵام ئەمجارەیان وەک گۆڵپارێز نەک بەرگریکار.

دوای ئەوەی ڤان دێر ساری گۆڵپارێزی پێشووی هەڵبژاردەی هۆلەندا، لە تەمەنی 46 ساڵیدا دەستی بە یارکردن کردەوە، ئەمجارەیان کاپتنی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان، چاوی لە ڤان دێر سار کردو بڕیاریدا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو یاریگەکان، بەڵام ئەمجارە وەک گۆڵپارێز نەک بەرگریکار و لە رێگەی یانەیەکی پلە چواری ئینگلیزییەوە، بەناوی لۆنگفۆرد.



ستیوارت پێرس، کە پێشتر ئەرکی راهێنەرایەتی هەڵبژارەی ئۆلۆمپی بەریتانیاشی وەرگرتووە، یەکەم یاری خۆی کرد و هەموو هاندەرانی تووشی شۆک کرد، چونکە توانی ئاستێکی بەرز پێشکەش بکات و بووە بەربەستێکی پۆڵایین لەبەردەم هێرشەکانی تیپی بەرامبەر، هەرچەندە تەمەنی 53 ساڵە.

# خراپترین هێرشبەری جیهان پێڵاوی زێڕینی ئەورووپا دەباتەوە

**رووداوی وەرزشی ـ SAMBA**

جۆناس گۆنسالڤێس ئۆلیڤێرا، هێرشبەری بەرازیلی، ئەو ماوەیەی لە ریزەکانی یانەی گریمیۆ لە بەرازیل یاری دەکرد، ناوبانگێکی زۆر خراپی پەیداکرد، بەجۆرێک جەماوەر و هەندێ دەزگای راگەیاندن نازناوی «خراپترین هێرشبەری جیهان»یان لێنابوو، بەڵام بەرگەی گرت و توانای گۆڵ تۆمارکردنی خۆی بەرامبەر هەمووان دەرخست، ئێستا زۆر لە بردنەوەی پێڵاوی زێڕین وەک باشترین گۆڵکاری ئەورووپا نزیکە.

جۆناس، ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی بەنفیکا لە خولی پورتوگال 26 گۆڵ و 28 گۆڵی لە هەموو وەرزەکە تۆمارکردووەو گۆڵکاری خولی پورتوگالە، بەڵکو رکابەری لەگەڵ ئەستێرە گەورەکانی ئەورووپا دەکات لەسەر ئەم خەڵاتە، هاوشێوەی کریستیانۆ رۆناڵدۆ، لویس سوارێز، لیۆنێل مێسی و رۆبەرت لیڤاندۆڤسکی. جۆناس دێتە یادی کە چۆن ئەوکاتەی لە گریمیۆ بوو رەخنەباران دەکرا، بەتایبەتی لە یاری تیپەکەی بەرامبەر بۆیاکاچیکۆی کۆلۆمبی، لە جامی لیبەرتادۆریس لە ساڵی 2009، دوای ئەوەی 3 دەرفەتی ئاسانی بۆ گۆڵ تۆمارکردن لەدەستدا، بەمەش بووە مانشێتی رۆژنامەکان وەک خراپترین هێرشبەری جیهان، بەڵام ئەوە هانیدا بۆ درەوشانەوە و خۆسەلماندن. دوای ئەزموونێکی باشی لەگەڵ ڤالنسیای ئیسپانی، جۆناس بە تەمەنی 31 ساڵی لەگەڵ بەنفیکا درەوشایەوە، توانی یانەکەی بەرەو لوتکەی خولی پورتوگال ببات، بە ژمارەی گۆڵەکانیشی رکابەری لەگەڵ هەموو گۆڵکارە باشەکانی ئێستای خولە گەورەکانی ئەورووپا دەکات. جۆناس ئۆلیڤێرا، چەند یارییەکی کەمی نێودەوڵەتی لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل هەیە، بەڵام لەبەر دەگمەنی سەرەڕم لە ریزەکانی سیلیساو، جۆناس دەبێتە بژارەیەکی باشی دۆنگای راهێنەر لە کۆپا ئەمریکای داهاتوو، چونکە خاوەن ئەزموونێکی گەورەیە.



## پێشبڕکێ



به کورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە

کورتە نامەیەک لەگەڵ ناوی خۆت بنێرە بۆ ژمارە تەلەفۆنی:

**0750 833 3555**



براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو

کوسرەت عەبدوڵڵا لە شاربازێڕ

بە لێدوانی:

( گۆڵچی پێشووی ریالی، کەوتووی دەڵێی منداڵی )

## 6 LOTTO

## چل و حەوتەمین پێشبڕکێ

روودو وەرزشی

ژمارە (392) سێشەممە 2016/3/15

شەش کۆبۆنی یەک بەدوای یەک، واتا هی شەش ژمارەی لە دوای یەک بە ناو و ژمارەی تەلەفۆنی خۆت پڕ بکەرەوە و بیگەڕێنەرەوە بۆ ئەو شوێنەی (رووداوی وەرزشی) ت لێکڕیوە، بەو جۆرە لەتیروپشکی بردنەوەی لۆتۆی رووداوی وەرزشی بەشداربە.

**خەڵاتەکان**

1 ـ ئامێری رۆیشتنی کارەبایی
2 ـ تەلەڤزیۆنی LCD
3 ـ کۆمپیوتەری لاپتۆپ
4 ـ کۆمپیوتەری دیسکتۆپ
5 ـ ئامێرەکی تەلەفونی مۆبایل

ناو : ........................................

مۆبایل : ........................................

(رووداوی وەرزشی) بخوێنەوەو خەڵات ببەرەوە




RÛDAW
www.rudaw.net

(رووداوی وەرزشی) رۆژنامەیەکی هەفتانەیە کۆمپانیای رووداو بە سپۆنسەری کۆمپانیای کورەک تیلیکۆم، هەموو رۆژانی سێشەممە دەریدەکات

لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارەی متمانەی (160) تۆمارکراوە

سەرنووسەر: ئیحسان تاهیر محەممەد
e-mail:ihsan@rudaw.net - 0750 454 71 68
ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی
دیزاینەران: هونەر مەرجان ـ شاهۆ محەممەد

هەموو دووشەممەیەک بخوێنەوە
رووداو هەموومان گەنجتر دەکاتەوە